قوباد تاڵەبانی: سبەینێ دەستدەکرێت بە جێبەجێ کردنی پڕۆژەی شەقامی دووسایدی ناوبازاڕی رانیەی خۆشەویست

قوباد تاڵەبانی رایدەگەیەنێت، "لە ساڵیادی راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورددا، دەستدەکرێت بە کارکردن لە پڕۆژەی شەقامی دووسایدی ناوبازاڕی شاری رانیەی خۆشەویست".

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم ئاماژە بۆ دەکات، "خۆشحاڵم بە چارەسەرکردنی هەموو بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێ کردنی پڕۆژەی شەقامی دووسایدی ناوبازاڕی شاری رانیەی خۆشەویست، هەر لە سبەینێ و لە ساڵیادی راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورددا، دەستدەکرێت بە کارکردن لە پڕۆژەکەدا و بەهیوایین لە کاتی دیاریکراودا هەموو کارەکانی تەواو ببێت و بەم پڕۆژەیە خزمەتێکی بچووکی ئەو شارە خۆشەویستە بکەین".

دەشێت، "دەستی هەموو ئەو کەس و لایەنانە خۆش بێت کە هاوکار بوون لە رەکخستن و چارەسەرکردنی بەربەستەکان، بەگومان پڕۆژەی دیکەشمان هەیە بە راپەڕینی ئازیز و هەموو هەوڵەک دەدەین بە خزمەتکردنی زیاتری ئەو ناوچەیە و هەموو شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان".